کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
27-7-2007 23:44بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**گەندەڵی لە ڕێگای گەشە کردنی سەرمایەی تایبەتی زیاتر بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات نەک بەهۆی کەرتی دەوڵەتەوە ... مەهدی کاوانی**

لە هەڵ و مەرجی ئێستای ئابووری کوردستان و ڕادەی گەشەکردنی ئێستای گەر کەرتی دەولەت ڕوبکاتە پتەو کردنی ژێرخانی ئابووری بە تایبەتی لە کەرتی کشت و کاڵ وسەرمایەی تایبەتی و هەتا بیانیش ڕووبکەنە سەر دامەزراندنی دامەزراوەی ئابووری هەمە جۆر لەو کەرتە و زیاتر پشت بە مەزایەی بەرهەمێنانی گەورە ببەستن بۆ چاندنی هەموو جۆرە دانەوێڵەو سەزەو مێوەو کردنەوەی دەیان کێڵگەی بەخێوکردنی ئاژەڵ بە هەموو جۆرەکانیەوە، زۆرکردنی کیلگەکانی پەلەوەرو بەخێو کردنی ماسی و بۆ هەموانیشیان پشت بە تەکنەلۆجیەی مۆدێرن و هێنانی تۆی باش وئەو جۆرە ئاژەڵ و پەلەوەرو ماسیانەی کە زۆر بە زاوزێو گۆشتنن لە دەرەوە وکەم کردنەوەی جۆرە ناباشەکانی. دیارە بە تەبیعەتی حال گەر وەبەرهەمهینانی بەروبۆمە کشت و کاڵی وئاژەڵداریەکان ڕێژەیەکی بەرچاوی بە خۆوە گرت و زیاتر بوو لە پیداویستی ناوخۆ ئەوا هەر لە خۆیەوە پاڵ بە پارەداران دەنێ کە پارەکەیان لە بواری دامەزراندی پڕۆژەی پیشەسازی بچووک و مام ناوندی و هەتا گەورەش وەبەربێننو ئەو بەروبومە کشت و کاڵ و ئاژەڵیە زیادەیە هەڵدەمژێ. واتە بە پیشەسازی کردنی بەرو بۆمە کشت و کاڵی و ئاژەڵیەکان بە تایبەتی پیشەسازیە خۆراک سازیەکان لە ناو قووتوو بە هەموو جۆرەکانیەوە، پیشەسازی چنین و دروست کردنی هەمو جۆرە قوماشێک، کردنەوەی دەیان کارگەی دروست کردنی جگەرە بە پشت بەستن بە توتنی وەبەرهێنەری نیشتمانی... هەروەها پیشەسازی کەستەکانی بینا سازیش لە بابەتی زۆرکردنی کارگەکانی چیمەنتۆو گەچ وکەچکاری و کارگەکانی دروست کردنی دەرگاو پەنجەرە، کارگەکانی دروست کردنی بلۆک و کەرپووچ و هەموو جۆرە بەردە چاک و بە نرخەکان وەک مەڕمەڕ کە کەرستەکانی هەر هەموویان لە جیاکانی کوردستان دەست دەکەوێ. هەرەها دانانی دەیان کارگە کە پشت بە کاڵای ناوخۆ ببەستێ بۆ دروست کردنی قاپ و قاچاغ و شووشەوات بە هەموو جۆرێکیانەوە. دیسان دەتوانین بە بەکارهینانی نەوتی خام دەیان کارگەی پیشەسازی پترۆکیمیاوی دابمەزرێنین بۆ دروست کردنی پەینی کیمیاوی و قاپ و قاچاغی تر کە بەهۆی کەرستەکانی نەوتەوە وەردێنرێن. خۆ ئەگەر کەرتی حکومەت لە توانای دابوو لە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری وڵات، ئەوا لە ڕێگەیەوە کەرتی گەشت و گوزاریش زۆر بە فراوانی پێش دەکەوێ. چونکە ئەگەر کوردستان بە تۆڕێکی هاتووچۆی بەیەکەوە بەسترابۆوە بە تایبەتی بەیەکەوە بەستنەوەی سەنتەری شارەکان بە قەزاو ناحیەکان و ئەوانیش بە دەوری خۆیانەوە بە لادێکانی کوردستان بەسترانەوە، ئەوا لە ڕێگەیەوە زیاتر هانی کەرتی تایبەتی و بیانی دەدا کە پارەکانیان لە بواری بنیاتنانی دامەزراوەی گەشت و گوزار وەبەر بێنن بە تایبەتی ئەو جۆرە چالاکیە ئابووریانە قازانجدارە. دیسان بەستنەوەی شارو لادێ بە یەکەوە لە ڕێگای تۆڕی هاتووچۆوە جموجۆلی کشت و کاڵی و بگرە پیشەسازی بچووکیش هەندێ جار خزمەتگوزاری گەشت و گوزاریش دەکەوێتە لادێکانی کوردستان و بە هۆیەوە ڕادە دادەنرێ لەو زیاد بوونە دانیشتوانە ناسروشتیەی ناو شارەگەورەکان واتە حالەتێک دروست دەبێت کە دانیشتوان بە پێی پلانی ئابووریەوە بە سەر ناوچە جۆراو جۆرەکان بڵاو دەبنەوە. لە دانانی پلانی ئابووری دەبی تۆ یەکەم جار گرنگی بدەی بەو جمو جۆلە ئابوریانە کە کەرستە ناوخۆیەکانی لە وڵات دەست دەکەوێ و لە ڕێگەیەوە زۆرترین دەستی کاری نیشتمانی دەلووشێ. دیسان ئەگەر تۆڕی هاتوچۆ بە فراوانی بەیەکەوە ببەسترێتەوە بەهۆیەوە زەمینەیەکی باش بۆ کەرتی بیانی دەڕەخسێ بە تایبەتی چیاکانی کوردستان. بە قەناعەتی خۆم ئەگەر جیۆلۆجیەکان مەسحێکی تەواوی چیاکانی کوردستان بکەن وەک وڵاتانی ئەفارقە پگیەتی لە کانەکان لە بابەتی ئاسن ە مس و ئەلمنیۆم و خەلوزی بەردی و... دەرهێنانی نەوت و وەبەرهەهێنانی و دانانی پاڵاوگە لە سەری، دەبێتە جۆریکی تری هەستانەوی ئابووری نیشتمانی. هەروەها فراوان کردنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەنداوی دۆکان و دەربەندیخان و تەواو کردنی بەنداوی بێخمەو دامەزراندنی چەندەها بەنداوی بچووکی تر بە هۆیانەوە جمە جۆلە ئابووریەکان زۆر فراوانتر دەبنو سوودی هەمە لایەنانەی بۆمان لێ دەکەوێتەوە لە لایەکەوە دەتوانین هەردوو تۆری کارەبای دۆکان و دەربەندی خان فراوان بکەین و تۆڕێکی تری کارەباش لە سەر بەنداوی بێخمە دابمەزرێنین وە لە لایەکی تریشەوە بە هۆیانەوە دەتوانین تۆڕی ئاو بە هەموو بەشەکانی کوردستان ببەستینەوەو بەشی هەرە زۆری زەویە دێمیەکان بەراو بکەین و زیادەکەش خەلیی ناوەڕاست وخوارووی عیاق سوودی لێ وەربگرن و ئەو بەنداوانەش جگە لەوەی دیمەنی شاخاوی کوردستان چەند جوانو دڵگیرە بەهۆی دەریاچەو ڕووبارەکانیەوە ئەوەندەی تریش دڵگیر تر دەبیت و زیاتر سەرنجی گەشت وگوزارە بیانیەکان ڕادەکێشێ کە بە فراوانی ڕووی تێ بکەن و هەرهوەها سامانێکی فراوانی گۆشتی ماسیشمان لێیەوە دەست دەکەوێ. کە ئێمە لە سەرەتادا کەرتی کشت وکاڵ و ئاژەڵداری بو بیناسازی و گەشت وگوزارمان هەڵبژاردووە چونکە لە ڕیگەیانەوە زۆرترین دەستی کاری نیشتمانی دەمژێ و بە هۆیەوە لە یەکێ لە هەرە تەگەرە مەترسی دارەکان ڕزگارمان دەبێ و کۆتایش بەو بەتالە موقەنەعەی کە هەیە دێنرێ و کەرتی دەوڵەتیش لە فەرمانبەرە زیادەکان قورتاری دەبێ چونکە هەر چەندی سەرمایەی تایبەتی و بیانی لە وڵات گەشە بکات ئەوەندە داوا لە سەر تۆخمی بەشەری بە هەموو پلەو بەهرەکانیەوە زیاد دەکات و کەمتر بەرەو کەرتی دەوڵەتەوە دەچن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.